# ژیانی پۆلا و خۆپیشاندەران لە ئەستۆی ئاسایشدایە



**بۆ حکومەتی سوید!**
**بۆ دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان!**
**بۆ هەموو ڕێکخراوە مرۆیەکان!**
**بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئەورووپا و لە جیهان!**
**بۆ خاچی سوور!**
**بۆ هەموو میدیاکان!**

**سڵاوێکی گەرم!**

**لە کاتێکدا کە جەماوەری باشووری کوردستان لە بەر نەبوونی(ئاو، کارەبا، سووتەمەنی و زۆر لە مافی سەرەتایی خەڵک) دەرژێتە سەر شەقامەکان و نارەزایی خۆی دەردەبڕێت، دەسەڵاتدارانی کورد، لە بری دۆزینەوەی چارەسەر و ریفۆرمکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی لەو بەشەی کوردستان کە خەڵکی بێزارکردووە، چەکدارەکانی سەر بەو دەسەڵاتە و هێزەکانی تریان، بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی خۆپیشاندەران، تەقە لە خەڵکی سیڤیل دەکەن و ڕەفتاری بەعس ئاسا، ئەوانەی کە چالاکن شەوانە دەیانفڕێنن و بێسەر و شوێنیان دەکەن.**

**ڕزگار عەزیز ناسراو بە هاوڕێ پۆلا کە یەکێکە لە هەڵسوڕێنەرانی لێژنەی داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی جەماوەری شاری سلێمانی و پێشمەرگەی دێرینی باشووری کوردستان، لە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە پێش دوو ڕۆژ گیراوە و تائێستا هیچ هەواڵێکی نییە بەبێ ئەوەی دەزگای ئاسایشی سلێمانی هیچ ڕونکردنەوەیەک بدات بە کەسوکاری. ئێمە وەکو کۆمەڵێک نووسەر و هاووڵاتی کورد لە هەندەران، ئەو گرتنەی هاوڕێ پۆلا و هاوڕیکانی و هەموو ئەوانەی لە سەر خۆپیشاندان گیراون ڕیسوا دەکەین و داوا دەکەین بە زوترین کات ئازاد بکرێن.**

**کۆمەڵێک ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا**
**سوێد 2006-8-12**

**بۆ بەشداری کردن لەم کامپینە تکایە بەم ئیمایلەی خوارەوە ناوی خۆت تۆمار بکە:**
kurdistanan@gmail.com
assobyari@yahoo.com

---

**تێبینی/ ئەم بانگەوازە وەرگێڕاوەتە سەر زۆربەی زمانە بیگانەکان**